# بانگەوازێك بۆ گشت ئەو دڵسۆزانەی دژ بە جینۆسایدی گەلی کوردن

ساڵانێکە گەلی کورد لەسەر دەستی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا، ڕووبەڕووی گەورەترین هەوڵی قڕکردن بووەتەوە. کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستانیش لە ساڵی (١٩٨٨) دا، ترۆپکی بە کردەوە ئەنجامدانی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی گەلی کورد بوو.

ئەی ئەوانەی نەفرەت لە جینۆسایدی کورد دەکەن:

بۆ ئەوەی ئەم تاوانە کەم وێنانە بە جیهان بناسێنین، بۆ ئەوەی تاوانباران بە سزای خۆیان بگەنرێن و باجی خۆیان لێ بسەندرێت، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوومان لە قڕکردن بپارێزین، پێش هەر کارێك پێویستیمان بە یەکێتی و هاودەنگی ریزەکانی خۆمان هەیە.

لێرەوە و بۆ ئەم مەبەستە بانگەوازتان دەکەین بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی دامەزراندنی ڕێکخراوێك لە دژی (جینۆسایدی گەلی کورد) ).

بەشداریکردن لە کۆنفرانسی دامەزراندن بۆ هەر دڵسۆزێك ئازادە، بە مەرجێك بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بەشدار بێت و پێشەکی لیژنەی ئامادەکەری کۆنفرانس لە ویستی بەشداربوونی، لە یەکێك لەم ڕێگایانەوە ئاگادار بکاتەوە :

تەلەفۆن: (٠٠٣١١٥٢١٢٩٤٤٦) یان (٠٠٣٥٨٤٠٥٣٣٥٣٧٦)

فاکس: ٠٠٣١١٥٢١٢٩٤٤٦

ئیمەیل: ***antigenocide@hotmail.com***

پێشەکی بەخێربێن.

شوێنی کۆنفرانس:

پاڵتۆك، ژووری) **Kurdistan. */\. * Anti Genocide - Halbja & Anfal**)

کات : هەردوو ڕۆژی هەینی و شەممە، ڕێکەوتی ١١ و ١٢ /١٠ /٢٠٠٢

کاتژمێر : ٨ ی ئێوارە بە کاتی ناوەندی ئەورووپا.

کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال

لیژنەی ئامادەکەری کۆنفرانس

www.kurdistannet.org